# ** هەڕاجە بازاڕی گۆرانی و موزیکی کوردی**

ڕێناس جاف

لە کەس شاراوە نییە بەرپابوونی کۆڕەجێژن و فیستیڤاڵ،بۆ هەر بەشێکی هونەری و بگرە ئەدەبیش،سەرنج ڕاکێشترین ڕووداوی نێو کۆمەڵگەیە و هەمووان بە چاوێکی تایبەت و لە گۆشە نیگایێکی جیاوازەوە، سەیری دەکەن.

گەر ئاوڕێک لە مێژینەی کۆڕەجێژن و فیستیڤاڵ لای گەلانی سەرزەوی بدەینەوە،باشتر پەی بەو حەقیقەتە دەبەین.

سازدان و بەڕێوەبردنی ئاهەنگێکی لەو چەشنە،بۆخۆ هەنگاو و هەوڵێکی پیرۆزە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هونەری یان ئەدەبی گەل و نەتەوەیێک. بەڵام ئایا وا ئەرکێکی گران و پڕ زەحمەت، بە سووکە هەوڵێک ئەچێتە سەر؟! ئایا بۆ گەیشتنی بەرهەمێکی هونەری یان ئەدەبی،نابێ پێوەری تایبەت دانرێ؟! ئایا سەرقاڵکردنی جەماوەر بۆ ماوەی یەک و چەن ڕۆژان،ڕووداوێکی هونەری و ئەدەبی شوێندانەر لە سەر کۆمەڵگە دێتە ئەژمار؟! باشە ئەی نابێ بۆ هەر بەش و لقێکی مۆسیقایی، هەر لە سترانبێژەوە بگرە هەتا پێکهاتەی گرووپێکی مۆسیقایی، هەندێ پێوەر هەبن و پسپۆڕانی ئەو مژارانە ،ڕا و دەنگی خۆ دەربڕن؟! ئایا جەماوەر لە فیستیڤاڵێکی هونەریدا کە گەرمەی بازاڕی هونەرە،ئینتیزاری ئەوە ناکات دیاردەیێکی هونەری خۆ دەربخات؟! ئەی باشە فیستیڤاڵێکی هونەری کە ساڵێ جارێک دەکرێ،نابێ پلان و بەرنامەی وردتری بۆ داڕێژرێ؟!

ئەمانە و دەیان پرسیاری دی،وەبزانم لە ماوەی ڕۆژانی ڕابوردوودا زەینی هەموو کوردێکی خەمخۆری بەستێنی گۆرانی و مۆسیقای کوردی، بە خۆوە سەرقاڵ کردبێت.

لە ماوەی ڕۆژانی 25 هەتا 29 مانگی نۆڤمبەر(4 هەتا 8 مانگی سەرماوەز) بۆ ماوەی 5 ڕۆژان،دووەم فیستیڤاڵی گۆرانی و موزیکی کوردی،لە شاری هەولێری دێرین لە باشووری کوردستان،بەڕێوە چوو. مەبەستی سەرەکی ئەم سووکە نووسینە ،گوزەرێکی سەرپێیی بە لاپاڵی ئەم ڕووداوە هونەرییەدایە. ساڵی پار لە حاڵێکدا یەکەم فیستیڤاڵی گۆرانی و موزیکی کوردی بەڕێوە چوو کە لە تەک کۆڵێک کەم و کوڕی و ڕەخنەی جەماوەری شارەزای بواری هونەردا، بەرەو ڕوو بوو.

بانگەواز و داوەتکردنی هەر گرووپ و تیپێکی مۆسیقایی، بێ لێپرسینەوەی هونەری و تاقیکردنەوەی ئەزموونی هونەری،زەقترین هەڵەی بەڕێوەبەرانی فیستیڤاڵەکەی پار بوو. یەکێکی دی لە عەیب و عەتەوە سەرەکییەکانی فیستیڤاڵەکەی ساڵی پار،بێ سەر و بەرییەک بوو بە سەرتاپای ئەو کۆڕەجێژن و فیستیڤاڵەوە دەبینرا. لە حاڵێکدا جەماوەر چەمەڕای ئەوە بوو تیپ و گرووپەمۆسیقاییەکان، دوا بەرهەمی هونەری خۆ، بە کوردی پێشکەش بکەن،چەندین گرووپی بەشدار،بازاڕیان بە بازاڕی خۆ دەدی و کردبوویانە گەرمە بازاڕی خۆ و بەزمی فارسییان خستبووە ڕێ، ئەوەی ساڵی پار هەرچی بوو تێپەڕی و ڕابورد بەڵام خۆ کاربەدەستان و بەڕێوەبەرانی هێژای فیستیڤاڵەکەی ئەمساڵ،هەڵگری

هەگبەیێک لە ئەزموونی ساڵی پار بوون و چاک دەیانزانی لەنگی و دەردەکانی ئاشووفتە بازاڕەکەی هونەری کوردی،کامانەن و لە کوێدان. ئەی بۆ لە ماوەی 12 مانگی ڕەبەقدا هیچ هەوڵێکیان بۆ قەرەبووی نەدا؟! فیستیڤاڵەکەی گۆرانی و موزیکی کوردی،لە حاڵێکدا ئەوساڵ بەڕێوە چوو کە بە ناو زۆر هونەرمەندی ناسراوی کوردی لە خۆ گرتبوو،بەڵام هەمان بێ سەر وبەرییەکەی ساڵی پاری پێوە دیار بوو.
داخی داخان هەروەک چلۆن کاسبکارانی هەموو بەستێنێکی کوردی،ئەمڕۆکە کەوتوونەتە گیانی کولتوور و زمان و سامانی کوردی و هەموو دەروازەییکیان لە ڕووی خاوەنانی ڕاستینە گاڵە داوە،ئەمجارەش ڕۆحمیان بە بواری گۆرانی و موزیکی کوردی نەکرد و هەر بەمەش وەبزانم هونەری ئاواز و گۆرانی کوردی وا خەریکە بەرەو گۆمێکی لێڵ و لیخن دەچێ و ڕێی تەنگستانێکی لەبەرە. ئەمە بەڕاستی گریانی دەوێ، کەچی زۆربەمان بە چەپڵەڕێزانەکەی جەماوەری ئاساییەوە، تەواو سەرقاڵ بووین.
من وێڕای ڕێزم بۆ هونەرمەندانی ناسراوی کورد کە لەو فیستیڤاڵە بەشدار بوون،گلەم لەو دڵسۆزانە وەک ئەندامانی خەمخۆری بواری هونەری کوردی ئەوە لەبەرچی بەوپەڕی بێوازییەوە خۆ لە وا فیستیڤاڵێکدا دەردەخەن و هەر بەرهەمی سەت جارەی خۆ ئەویش لە ئاستێکی نزمدا پێشکەش دەکەن! ئایا ئەمە گاڵتەکردن بە ئاوەزی مۆسیقایی و ماریفەتی جەماوەری هونەردۆس نییە؟! بەختەوەرانە جەماوەری هونەردۆستی کوردستان لە سەردانەکەی ئیبۆی هونەرمەندی تورک بۆ باشووری کوردستان ،سەلماندیان چەندە ڕێز لە سامانی هونەری نەتەوەیی خۆ دەگرن و ئەوەی بە نیازی پۆخڵەوە سەری کوردستان بدات و بیەوێ جەماوەر بخافڵێنێ، چلۆن بەرسڤی دەدەنەوە. بۆیە هونەرمەندی ڕاستەقینە دیارە ئیدی نابێ خۆ دەسخەڕۆی چەن کەسێکی تایبەت بە بەرژەوەندی بەرتەسکی حیزبییەوە بکات و ڕاس شوێن کەوتەی هەڵوێستەکەی ئەوان بێت. ئەمە خەتاییکی گەورەی ئەو بەڕێزانەیە بۆ چاپۆشی ناشێ و وەبزانم دوا ڕۆژ،زیان و خەسارێکی مەزن لە سامانی گۆرانی و موزیکی کوردیمان دەخات.
ئەرچی فیستیڤاڵەکەی ئەمساڵ لە چاو ساڵی پار،لە باری ژماری تیپ و گرووپەکانی مۆسیقاییەوە لە باشووری کوردستان و بگرە پارچەکانی دی کوردستان و هونەرمەندانی کوردی ئەوروپانشینی، تێدا بەشدار بوون بەڵام هەمان شپرزی و شێواوییەکەی ساڵی پاری، پێوە دەبینرا.
کەس نازانێ بە ڕاستی پێوەر بۆ وەرگیرانی ئەو تیپ و گرووپە مۆسیقاییانە چنە! بە گوێرەی چەن هەواڵێکی جێی بڕوا لە کەسانی نێزیک لە دەزگەکانی حیزبییەوە،زۆرێ لەو گرووپانە،لەسەر ڕاسپێری و ئیرادەتمەندی جەماعەتەوە بە حیزبەکان نەک لەڕووی بەهرەی مۆسیقاییەوە، بۆ ئەو فیستیڤاڵە داوەت کراون. بەڕێوەبردنی چەندین بەرنامە و پرۆگرامی زۆر کز و لاواز و بێ ناوەڕۆکی هونەری لە لایەن چەندێ لەو گرووپانەوە، بۆ خۆ سەلمێنەری ئەو حەقیقەتەیە. ئەمە مەترسییەکی گەورەیە ڕووی لە گۆرانی و مۆسیقای کوردییە و لەسەر هونەرمەندانی بە هەڵوێستە،لێی وەجواو بێن و هەر لە ئێستەوە پێشی پێ بگرن،ئەگینا سبەی ئیدی زۆر درەنگە و هەلەکە لە کیس چووە.

ئەوەی تۆزقاڵە ئاگادارییەکی لەسەر ڕەوتی ئێستای گۆرانی کوردی هەبێت،چاک دەزانێ لە هەر پارچەێیکی کوردستان،ئەمڕۆکە چەندین گرووپی سەرکەوتووی مۆسیقایی سەریان هەڵداوە و پڕن ئەو گۆرانی بێژانەی سەرباری دەرکەوتنێکی کەم بەڵام بۆخۆ خاوەنی شێواز و ستایلێکی هونەرییەنە و دەرفەت ڕەخساندن بۆ ئەو بەهرە گەشانە ،کاری دەزگەی ئەمڕۆی دەستەڵاتی کوردییە و حەق ئەوە ئەم چەشنە گرووپانە، ڕێیان بکەوێتە فیستیڤاڵەکانی هونەری نەک کەسانێک لەبەر نێزیکایەتی لە دەزگەی دەستەڵاتەوە، گشت هەڵیکیان بۆ دەرەخسێندرێ لە حاڵێکدا ئەوەی پێشکەشی دەکەن بەڕاستی بە دووریشە لە ڕۆحی مۆسیقای کوردی. ئێمەی کورد بە ڕاستی نابێ لەمە زێتر خۆ تەفرە بدەین و هەندێ ئەخلاقی بە دوور لە ژیانی شارستانی ئەمڕۆ،تێکەڵ بە هەموو بەستێنێکی ژیانمان بکەین. کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردی، پێویستی بە خوێنی تازە هەیە و لەسەر هەموو تاکێکی کۆمەڵیشە لەو حاندەدا خۆ بە بەرپرس بزانێ. بواری گۆرانی و موزیکیش لە بەر کاریگەرێتی لەسەر هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگە،دەبێ بە چاوێکی دڵسۆزانە و خەمخۆرانەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێ و بەرپرسایێتی کاروباری ئەو مژارە بەوانەی بسپێردرێ بەڕاستی پەرۆشی هونەری کوردین نەک ئەو هەستە لاوەکییانەی گاڵتە بە ماریفەتی جەماوەر دەکەن. کەس نابێژێ ئێمەی کورد بۆمان نییە خۆ لە مۆسیقای گەلانی دیکە، نزیک بکەینەوە بەڵام ئایا تواندنەوەی مۆسیقای نەتەوەیی لە نێو مۆسیقای لاوەکی و نامۆدا ،خزمەتە بە مۆسیقای کوردی؟! ئایا هەر هەوڵێکی نەزۆک بۆ ئەو چەشنە تێکەڵکارییە،سبەی مۆسیقای کوردی بەرەو چەواشەیی نابات؟!

من نامەوێ لە باری تەکنیکییەوە ڕووی گلەم لە دۆستانی مێدیایی بکەم کە بە شێوەێیکی شیاو نەیانتوانی ئەو ڕووداوە هونەرییە بگوێزنەوە. دیارە ئێمەی کورد لە دونیای مێدیادا هێشتا لە سەرەتاکانی ئەزموونی مێدیاییداین و هێشتا بۆ زۆربەی بەشەکانی مێدیایی،شارەزا و لێزان و پسپۆڕی خۆمان نییە و ڕێی دوور و درێژمان لە پێشە. ئەم گرفتە گەلێ ڕوونە بە تێپەڕینی زەمەن و بە هۆی بارهێنانی ستافی لەکارزان و پسپۆڕ بۆ ئەو بەستێنە،چارەسەر دەکرێ بەڵام خۆ ناشوکری نەبێ کورد لەمێژساڵە یەک لەو چەکانەی هەتا بەمڕۆ خۆی پێ پاراستووە،چەکی هونەرەکەی دەستی بووە کە دەیان و بگرە سەدان هونەرمەندی هەڵکەوتە و شارەزامان تیایە. ئەی دەرد چییە فیستیڤاڵەکەمان لە ئاستێکی نزمی هونەریدا بەڕێوە دەچێ؟! دەبێ لە بیری ڕێگەچارە بۆ ئەم پەتا کوشندە بین بەشکو هەوڵی داهاتوومان قەرەبووی ئێستامان بکاتەوە و بەمەش بتوانین ئاستی هونەری کۆڕەجێژن و فیستیڤاڵەکانمان بەرز بکەینەوە.

هەر شەکاوە بێت ئاڵای هونەری کوردی

10 سەرماوەزی 2705 کوردی

تاران